https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.159

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پاڵنەر و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووك

## (خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە نموونە)

**م.ی. فاروق جمیل کریم**

بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی هەڵەبجە

Farooq.kareem@uoh.edu.iq

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە، توژینەوەیەکـی وەسـفییە و بـە ڕێـکاری ڕاپێویی لـە دیاردەیەکـی بەربـڵاوی نێـو جیهانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەکۆڵێتـەوە، کـە بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوە. ئامانجیشـی ئاشـکراکردنی پاڵنـەر و لێکەوتەکانـی ئـەم دیاردەیەیـە لەسـەر خوێندکارانی زانکـۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان. توێـژەر بـۆ کۆکردنـەوەی داتـاکان، پشـتی بـە گـووگڵ فـۆرم بەسـتووە، کـە مـاوەی (٤٨) کاتژمێـر بەردەسـت بـووە بـۆ مشـتەیەکی هەڕەمەکیـی خوێنـدکاران لـە زانکـۆ و پەیمانگـە حکومـی و تایبەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان. لـەو ماوەیـەدا (٦٩٩) بەرتوێـژ وەڵامـی پرسـیارەکانیان داوەتـەوە. دوای کۆکردنـەوە و شـیکاریی داتـاکان، توێـژەر بـە کۆمەڵێـك ئەنجام گەیشـتووە، لەوانـە: فەیسـبووک سـەکۆیەکی کاریگـەرە بـۆ خوێنـدکاران کـە بەهۆیـەوە دەتوانـن بەهـەر جۆرێـک بیانەوێـت خۆیانـی تێـدا نمایـش بکـەن. پەنابـردن بـۆ نـاوی خـوازراو، ئـەو گریمانەیـەی (هۆفـمان) دەسـەلمێنیت کـە تاکـەکان خوازیـارن لەپشـتی پـەردەوە چالاکیـی و کەسـایەتیی خۆیـان بنوێنـن. هەروەهـا ئەوانـەی نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن (١٣,٣٠٪)ی کـۆی بەرتوێژەکانـن و زۆربەیـان تەنهـا ناوەکەیـان خـوازراوە، بـەڵام وێنـە و زانیاریـی پرۆفایلەکانیـان ڕاسـتەقینەیە. هیچـکام لـە بەرتوێژەکانیـش نـاوە خوازراوەکەیـان گوزارشـت لـە بیـروڕای سیاسـییان نـاکات، کەمترینیشـیان بـە ڕێـژەی (٥,٣٧٪) هەڵگری واتایەکـی ئایینییـە. پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لای خویندکارانـی کـورد هەمەجـۆرو جیـاوازن، زۆربەیـان بـە ڕێـژەی (٣٥,٤٨٪) بەپێویسـتی نازانـن نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان دابنێـن. جگـە لـەوە، سـەرباری بەربڵاویـی دیـاردەی خـراپ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، ڕێژەیەکـی کەمـی خوێنـدکاران (٧,٥٢٪) پشـت بـە نـاوی خـوازراو دەبەسـتن بـۆ مەبەسـتە نەرێنییەکانـی وەك گاڵتەپێکـردن یـان لەکەدارکردنـی نـاوی کەسـایەتی و نـاوداران لەڕێـی دانانـی نـاوی ئـەوان بـۆ ئەکاونتەکانیـان. سـەبارەت بـە دیارتریـن لێکەوتەکانیـش، نـاوی خـوازراو بووەتـە جێگـرەوەی نـاوی ڕاسـتەقینەی (٣٧,٦٣٪)ی بەرتوێـژان، لەکاتێکـدا (٣٤,٤٠٪)یـان بەهـۆی بەکارهێنانـی ئـەو جـۆرە ناوانـەوە لـە هـاوڕێ ڕاسـتەقینەکانی خۆیـان ونبـوون.

**کلیلە وشەکان:** پاڵنەر- لێکەوتە- ناوی خوازراو- فەیسبووک- خوێندکار

Recieved: 24/6/2022
Accepted: 16/8/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ئەگەرچی بەکارهێنانی ناوی خوازراو، یاخود شاردنەوەی ناوی راستەقینە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم دیاردەیە زیاتر تەشەنەی کردووە. فەیسبووك-یش وەك یەکێك لە دیارترین سەکۆکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زەمینەیەکی لەباری رەخساندووە بۆ بەکارهێنەرانی کە بەئاسانی لەرێی ناوی خوازراوەوە گوزارشت لە بۆچوون، ویست، خەم و خۆشییەکانی خۆیان بکەن. ئەوەش پاڵنەر و هۆکاری جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. هەروەها وەکچۆن پاڵنەرەکان ئەرێنیی و نەرێنیی و هەندێکجاریش ناروونن، بەهەمان شێوەش بەکارهێنانی ناوی خوازراو لێکەوتەی ئەرێنیی و نەرێنیی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و رەفتار و کرداری تاك. بەلەبەرچاوگرتنی راددەی بەرزی هۆگربوونی تاکەکانیش بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریی و بەتایبەتیش لەنێو توێژی خوێندکاراندا، زانینی رادەی بەربڵاویی و پاڵنەر و لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە گرنگە، چونکە ئەو کارلێکە بەردەوامەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك هەیانە لەنێو ئەم سەکۆیەدا، بەهەر چەشنێك بێت نیشانەی یارمەتیدەرن هەم بۆ ناسینەوەی کەسایەتیی راستەقینە و شاراوەی بەکارهێنەرانی، هەم بۆ ئاشنابوون بە کاریگەریی خێرا و رەنگدانەوەی هەمەلایەنی ئەم تۆڕە وەك یەکێك لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر تاک. لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامی قووڵ و درووست لەبارەی پاڵنەر و کاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییە کۆمەڵگەیی، تەکنیکیی، دەروونیی و میدیاییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەسەر خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

### تیۆریی نمایشکردنی خود (ئیرڤاینگ گۆفمان ١٩٥٩):

کۆمەڵناسی ئەمریکایی، ئیرڤینگ گۆفمان (Eriving Goffman) لە ساڵی ١٩٥٩دا تیۆریی نمایشکردنی خود (The presentation of self)ی داهێناوە. ئەو پێی وایە کە هەموومان وەکو ئەکتەر رۆڵ دەگێرین لە بەرامبەر جەماوەردا، لەکاتێکدا ئەوەی دەیکەین نواندنی سەر تەختەی شانۆ نییە (الكعبی، ٢٠١٩، ٥٤٢). بە روانینی گۆفمان، جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان نواندنی سەر تەختەی شانۆ و وردەکاریی رەفتارەکانی ژیانی رۆژانەماندا (Goffman, ١٩٥٩, ٢٥١).

کرۆکی تیۆرییەکە پێداگرییە لەسەر ئەوەی، کە پاڵنەری سەرەکیی (نمایشکردنی خود) بریتییە لە رۆڵگێران، یاخود خۆدەرخستن بۆ جەماوەر. ئەگەرچی ئەم تیۆرییە داهێنراوی سەردەمێکە کە ئامرازەکانی میدیا بەم چەشنەی ئێستا نەبوون، بەڵام ئێستاش یەکێکە لەو تیۆرییانەی کە بەسەر هەندێک لە توێژینەوەکانی تایبەت بە میدیای نوێ و رەفتاری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ دەکرێت. وردبوونەوە لەم تیۆرییە دەمانباتە ئەو بارەی، زیاتر لە (٧٠) ساڵ لەمەوبەر (هۆفمان) درکی بەوەکردووە، کە هەمیشە تاکەکان گۆڕانکاریی لە ستراتیژی نمایشکردنی خوددا دەکەن بەپێی بارودۆخ و ژینگە و جەماوەر و ئامرازەکانی بەردەستیان. هەڵبەتە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لەپێناوی نیشاندانی وێنایەکی ئەوتۆدایە کە خۆیان مەبەستیانە.

ئەوەی ئەم تیۆرییە نزیکتر دەکاتەوە لە هەمان رەفتاری ئەم سەردەمەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گریمانەکانیەتی. هۆفمان ئاماژە بەوەدەکات کە «تاک لەپشت پەردەوە رۆڵ دەگێرێت. بە واتایەکی تر دوور لە چاوی جەماوەر کەسایەتیی راستەقینەی خۆی نمایش دەکات، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، کە بەوپەڕی وریاییەوە، بەشێوەی ئاشکرا رۆڵ دەگێرێت». (الطیبی، ٢٠٢١، ٥٢).

لەڕوانگـەی تێگەیشـتن لـە کـرۆک و گریمانەکانـی هۆفمانـەوە، ئـەم تیۆرییەمـان بەپێویسـت و گونجـاو زانـی بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە، چونکـە پەنابـردن بـۆ نـاوی خـوازراو لەلایـەن بەکارهێنەرانـی فەیسـبووکەوە، دیاردەیەکـی بەربـڵاوە و گومـان هەڵناگرێـت. هەروەهـا پاڵنـەر و ئامانجـەکان هەرچییـەک بـن، لـە بنەڕەتـدا هەڵگـری ئـەو واتایـەن کـە بەکارهێنـەران لەپشـتی پـەردەوە چالاکییەکانیـان ئەنجامـدەدەن. ئـەوەش تـەواو یەکانگیـرە لەگـەڵ گریمانەکانـی تیۆریـی (نمایشـکردنی خـود)ی هۆفـمان دا.

لەبـەر ڕۆشـنایی تیۆرییەکـەی (هوفـمان)دا، پرسـیارەکانی توێژینەوەکـە داڕێـژراون. پرسـیاری سـەرەکیی ئەوەیـە کـە ئایـا پاڵنـەرو لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو چیـن لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووکدا؟

پاشان توێژەر بۆ دەستکەوتنی وەڵامی وردتر، چەند پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێت:

-ئایـا خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان بـە چ ناوێکـەوە خۆیـان دەناسـێنن لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووکدا؟

-پاڵنەرەکانی شێوازی خۆناساندن و پشتبەستنی بەرتوێژان چین بۆ بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا؟

-دەرهاویشتە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا چیین لەسەر خوێندکار؟

-جیاوازیی چییە لەنێوان شێوازی خۆنمایشکردنی خوێندکاری کورد و خوێندکاری بیانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟

## یەکەم/ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١.توێژینەوەکانی پێشوو

**-توێژینەوەی (أبو زید: ٢٠٢٠):**

ئامانجـی توێژینەوەکـە ئاشـکراکردنی هەڵـە ئاکارییەکانـی گەنجانـی میـسرە لەڕێـی بەکارهێنانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووکەوە. توێـژەر پشـتی بـە فۆرمـی ڕاپێویـی بەسـتووە بـۆ کۆکردنـەوەی داتـاکان لەسـەر سـامپڵەکەی کـە پێکهاتـووە لـە (٥٠٠) خوێنـدکاری کـوڕ و کـچ لـە زانکـۆ حکومیـی و تایبەتەکانـی میـسر کـە فەیسـبووك بەکاردەهێنـن. لـە کۆتاییـدا توێـژەر گەیشـتووە بـەو ئەنجامـەی کـە زۆربـەی بەرتوێـژەکان دووچـاری هەڵـەی ئاکاریـی دەبـن لەکاتـی بەکارهێنانـی فەیسـبووکدا، چونکـە لەیەککاتـدا ئەکاونتێکـی ڕاسـتەقینە و یەکێکـی دیکەیـان هەیـە بەناوی خـوازراوەوە، هەروەهـا ئـەوە بـە بـاش دەزانـن کـە ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خۆیـان بشـارنەوە.

**-توێژینەوەی (Muslim: ٢٠٢٠):**

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە، ئاشـکراکردن و لێکدانـەوەی هۆکارەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. سـامپڵەکەی پێکهاتـووە لـە خوێندکارانـی چـوار ناوەنـدی خوێندنـی بـاڵا لـە شـاری مالانـگ-ی ئیندۆنیزیـا، ئەوانیـش: (زانکۆکانـی محەمەدییـە، براوگایـا، نیگـری، پەیمانگـەی تەکنۆلۆجیـی نیشـتمانیی مالانـگ). توێژەر گەیشـتووە بـە کۆمەڵێـك ئەنجـام، لەوانـە: هۆکارەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەلایـەن خوێندکارانـی شـاری مالانـگ، بریتییـن لـە: پاراسـتنی تایبەتمەندێتیـی کەسـیی، ئاسـوودەیی و ئازادیـی و خۆپاراسـتن لـە تـاوان. هەروەهـا شـاردنەوەی ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لەپێنـاو پاراسـتنی نهێنیـی هەسـت و سـۆز و بۆچوونەکانیـان لـە خەڵکانـی نـاسراو. پاشـانیش سـەلماندنی دەسـەڵاتی خۆیـان لـە تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـدا.

**-توێژینەوەی (بوخبزە و بورویی: ٢٠٢٠):**

توێژینەوەیەکـی نـاوەڕۆك شـیکارییە بەمەبەسـتی ئاشـنابوون بـە شوناسـی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووك و شـێوازی کارلێککردنیـان لەگـەڵ هـەواڵ و زانیارییەکانـی کەیسـی (زهیـە بـن قـارە)ی سـەرۆکی نوێـی شـارەوانیی شـیقارە لـە

ویلایەتـی میلـە لەسـەر پـەڕەی (هنـا الجزائـر). هـەردوو توێـژەر شـیكارییان كـردووە بـۆ كارلێكـی (١٢٠) كـەس لەگـەڵ ئـەو بابەتـەدا. سـەرەنجام گەیشـتوون بـەو ئەنجامـەی كـە ناسـینەوەی شوناسـی بەكارهێنـەكان كارێكی سـەختە، چونكە بۆیـان دەرنەكەوتـووە كـە كـێ لەپشـتی نـاوە خوازراوەكانەوەیـە (پیـاو، یـان ژن). ئەوەشـیان بـۆ دەركەوتـووە كـە (٧٥) نـاوی خـوازراو بەرامبـەر (٤٥) نـاوی راسـتەقینە لەخۆدەگرێـت. نـاوە خوازراوەكانیـش هەڵگـری واتـای هەمەجـۆرن (وەرزشـیی، پیشـەیی، جوگرافیـی، سیاسـیی، ئایینیـی).

**-توێژینەوەی (عبد المقصود: ٢٠١٩):**

ئامانجـی توێژینەوەكـە زانینـی ڕادەی هوشـیاریی خوێندكارانـی بەشـی راگەیاندنـە دەربـارەی بنەمـا ئاكارییەكانـی بەكارهێنانـی تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان و رادەی رەنگدانـەوەی لەسـەر مامەڵـە و رەفتاریـان لـە تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانـدا. سـامپڵی توێژینەوەكـە پێكهاتـووە لـە (١٩) خوێنـدكاری كۆلێـژی راگەیاندنـی زانكـۆی قاهیـرە كـە بەشـێوەی (فۆكـەس گـرووپ) رایـان وەرگیـراوە. توێـژەر بـەوە گەیشـتووە كـە زۆربـەی بەرتوێـژەكان زانیارییـان نییـە دەربـارەی یاسـاكانی بەكارهێنانـی تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان كـە لەلایـەن ئەنجومەنـی گـەل لـە میسر دەرچـووە. دان بەوەشـدا دەنێـن كـە ئـەو یاسـایانە بێسـوودن، بـەڵام زۆربەشـیان خۆیـان پاراسـتووە لـە بەكارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە سۆشـیال میدیـادا.

**-توێژینەوەی (ابتسام: ٢٠١٩):**

ئامانجـی ئاشـنابوونە بـە پاڵنەرەكانـی بەكارهێنانـی فەیسـبووك و كاریگەرییەكانـی لەسـەر پێكهاتـەی كۆمەڵایەتیـی خوێنـدكاری زانكـۆ، بەتایبـەت شوناسـی گریمانەییـان بـەراورد بـە سروشـتی راسـتەقینەی خۆیـان. بـۆ كۆكردنـەوەی داتـاكان لـەم توێژینەوەیـەدا پشـت بەسـتراوە بـە فۆرمـی راپێویـی (٥٠٠) خوێنـدكاری بەكالۆریـۆس و ماسـتەر و دكتـۆرا لـە پێنـج كۆلیـژی زانكـۆی (وەهـران١)ی جەزائیریـی. لـە گرنگتریـن ئەنجامەكانـی توێژینەوەكـە: نیـوەی بەرتوێـژان نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لـە فەیسـبووكدا بەكاردەهێنـن لەپێنـاو دەرخسـتن و دۆزینـەوەی ناسـنامەی راسـتەقینەی خۆیانـدا. ئەوانەشـی نـاوی خـوازراو بەكاردەهێنـن هۆكارەكـەی دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی كـە دەروازەیەكـە بـۆ ئازادیـی نووسـین و بەشـدارییان لـەو تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەدا.

**-توێژینەوەی (بلات و لعريبى: ٢٠١٨):**

توێژینەوەیەكـی مەیدانییـە بەئامانجـی زانینـی شـوێنەواری بەكارهێنانـی تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان بەسـەر شوناسـی هەرزەكارانـەوە. سـامپڵی توێژینەوەكـە پێكهاتـووە لـە (٩٢) خوێنـدكاری قۆناغـی ناوەندیـی لـە شـاری میلیـە-ی جەزائیر. هـەردوو توێـژەر بـۆ بەدەسـتهێنانی داتـاكان پشـتیان بـە فۆرمـی راپرسـی بەسـتووە و لـەو رێگەیەشـەوە كۆمەڵێـك ئەنجامیـان بەدەسـتهێناوە، كـە دیارترینیـان ئەمانـەن: رێـژەی (٦٠٪)ی بەرتوێـژەكان نـاوی خـوازراو بەكاردەهێنـن لـە تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانـدا، لەوانـەش زۆرینـەی رەهایـان بـە ڕێـژەی (٩٦٪) مێیینـەن، بـەڵام زۆرینـەی هـەرزەكارە كـوڕەكان بەنـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیانـەوە تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان بەكاردەهێنـن. دیارتریـن هـۆكاری بەكارهێنانـی نـاوی خوزاراویـش لای هـەرزەكاران بریتیـە لـە خواسـتی رەفتاركردنـی ئازادانـە بەبـێ ئـەوەی كـەس ناسـنامەیان ئاشـكرابكات.

**-توێژینەوەی (Kasakowskij: ٢٠١٨):**

ئامانجـی ئاشـكراكردنی كاریگەریـی ناسـنامەی شـاراوە و نـاوی خـوازراوە لەسـەر رەفتـاری بەكارهێنـەر و بەرهەمهێـن و هاوبەشـەكانی هـەردوو ئەپڵیكەیشـنی (ئینسـتاگرام) و (یـودل). سـامپڵی توێژینەوەكـە پێكهاتـووە لـە (٦٦٤) بەرتوێـژ لـە ئەڵمانیـا كـە هـەردوو رەگـەز و هەمـوو ئاسـتەكانی تەمەنـی گرتووەتـەوە و لەڕێـی فۆرمێكـی ئەلیكترۆنییـەوە بـە زمانـی ئەڵمانـی رایـان وەرگیـراوە. دیارتریـن ئەنجامەكانـی توێژینەوەكـە بریتیـن لـە: شـاردنەوەی ناسـنامە و بەكارهێنانـی ناوی خـوازراو كاردەكەنـە سـەر رەفتـار و شـێوازی بەكارهێنانـی هـەردوو ئەپڵیكەیشـنەكە، هەروەهـا بەكارهێنەرانـی (یـودل)

ناتوانــن تاســەر لەگــەڵ هاوڕێکانیــان بــەردەوام بــن، ئەویــش بەهــۆی سروشــتی ئــەو ئەپڵیکەیشــنە کــە ناســنامەی بەکارهێنەکانــی ئاشــکرا نییــە.

**-توێژینەوەی (Alakali, Faga, Mbursa :٢٠١٧):**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە گوتـاری ڕقلێبوونـەوە و زمانپیسـیی دەکۆڵێتـەوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نەیجیریـا، پاشـان ڕۆشـنایی دەخاتـە سـەر دەرەنجامـە یاسـایی و ئاکارییەکانـی. توێـژەران پشـتیان بەسـتووە بـە میتـۆدی چەندایەتیـی و چۆنایەتیـی بـۆ کۆڵینـەوە لـە دیاردەکـە. فۆرمـی ڕاپرسییشـیان بەکارهێنـاوە بـۆ کۆکردنـەوەی داتـای پێویسـت لەڕێـی (٣٨٤) بەرتوێـژەوە. لـە دیارتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: بانگەشـەکردن بـۆ گوتـاری ڕقلێبوونـەوە لەژێـر نـاوی راسـتەقینە و خـوازراودا دیاردەیەکـی بەربـڵاوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا لـە نەیجیریـا. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە بەرتوێـژەکان ڕۆشـنبیرییەکی ئەوتۆیـان نییـە دەربـارەی دەرهاویشـتە یاسـایی و ئاکارییەکانـی ئـەو دیاردەیـە.

**-توێژینەوەی (Wolgang: ٢٠١٦):**

توێژینەوەیەکـی نـاوەڕۆك شـیکارییە دەربـارەی کۆمێنـت و چاتکـردن بەنـاوی راسـتەقینە و خـوازراوەوە لەسـەر سـەکۆ هەواڵییەکانـی تـۆڕی ئینتەرنێـت. سـامپڵی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (١٠٠٤) کۆمێنتـی بەشـداران (لەمـاوەی نێـوان ١/٢٢ تـا ٢٠١٣/٣/٢٣) لـە دوو سـەکۆی هەواڵیـی لـە (کۆلـۆرادۆ)ی ئەمریـکا بەناوەکانـی (دنڤـەر پۆسـت) و (کۆلـۆرادۆ سـپرینگز) کـە یەکەمیـان ڕێگـە دەدات بەشـداران نـاوی خـوازراو بەکاربهێنـن، بـۆ دووەمیشـیان مەرجـە بەشـداران ناوی راسـتەقینەی خۆیـان بەکاربهێنـن. لـە دیارتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: بەشـدارانی هـەردوو سـەکۆکە -هەڵگرانـی نـاوی راسـتەقینە و نـاوی خوازراو-یـش، نەرمییـان نەنوانـدووە لـە دەربڕینـی بۆچوونەکانیانـدا، بـەڵام هیـچ لایەکیـان بۆچـوون و بەڵگەکانـی بەرامبەریـان نەکردووەتـە بنەمایـەك بـۆ ئەنجامدانـی گفتوگۆیەکـی بنیاتنەرانـە.

### ٢. چوارچێوەی توێژینەوەکە

ئامانجـی توێژینەوەکـە زانینـی ڕادەی پشتبەسـتنی خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگەکانـە بـە نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و پاشـان ئاشـکراکردنی ئـەو پاڵنەرانەیـە کـە وادەکـەن خوێنـدکار لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـاو و ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خـۆی بشـارێتەوە. هەروەهـا ئامانجێکـی دیکـەی توێژینەوەکـە ئاشـنابوونە بـە لێکەوتـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانـی ئـەم دیاردەیـە لەسـەر خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان، بەتایبـەت لـەڕووی دەروونیـی و کۆمەڵایەتییـەوە. ئامانجێکـی دیکـەی توێـژەر ئەوەیـە بـەراوردی ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە بـکات لەگـەڵ ئەنجامـی توێژینـەوە هاوشـێوەکانی پێشـوودا کـە لـە وڵاتانـی دیکـەدا دەربـارەی هەمـان دیـاردە ئەنجامـدراون.

بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو بـە هـەردوو دیـوە ئەرێنیـی و نەرێنییەکەیـەوە، جێگـەی بایـەخ و لێکۆڵینەوەیـە. بەتایبـەت کـە هـەم دیاردەیەکـی نوێیـە و هـەم کەمتریـن توێژینـەوەی زانسـتیی لەوبارەیـەوە بەردەسـتە. بایەخێکـی دیکـەی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە وەڵامـی بەرتوێـژەکان بـۆ لەمـەودوا دەبێتـە ڕێنمایـەك بـۆ بەرچاوڕوونـی و هوشـیاریی تـاك لـە شـێوازی خۆناسـاندن و بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراودا.

### ٣. ڕێبازی توێژینەوەکە

ئــەم توێژینەوەیــە لــە جــۆری توێژینــەوە وەســفییەکانە لەســەر بنەمــای داتــاو زانیارییــە تیــۆری و پراکتیکییــە بەدەسـتهاتووەکان. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پشـتی بەسـتووە بـە ڕێبـازی ڕووپێویـی (Survey) وەك گونجاوتریـن ڕێـگا بـۆ توێژینــەوە لــە رەفتــارە کۆمەڵایەتییەکانــی مــرۆڤ لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا.

کۆمەڵـی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە: أ/ تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان. ب/ خوێنـدکار لـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان. هەرچـی نموونـە پشـکنینی (سـامپڵ) توێژینەوەکەشـە، پێکهاتـووە لـە: أ/ تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووك

وەك یەکێـك لـە بەربڵاوتریـن تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە لـە زۆربـەی ئاسـتە جیاجیاکانـی تەمـەن و رەگـەز و خوێندەواریـی و رۆشـنبیرییدا پشـتی پێدەبەسـترێت. ب/ مشـتەیەکی هەرەمەکیـی (٦٩٩) بەرتوێـژ کـە پێکهاتـووە لـە خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگـە حکومیـی و تایبەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەرچـوار پارێـزگای (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆك و هەڵەبجـە) و ئیـدارە سـەربەخۆکانی (گەرمیـان، راپەڕیـن و سـۆران).

بـۆ کۆکردنـەوەی داتـای پێویسـت، توێـژەر پشـتی بەسـتووە بـە فۆرمـی راپێویـی ئەلیکترۆنیـی لەڕێـی بزوێنـەری گووگڵـەوە کـە بـە (Google form) نـاسراوە. بەرلـەوەی فۆرمەکـەش بـۆ بەرتوێـژەکان بنێردرێـت، توێـژەر فۆرمەکـەی پیشـانی ژمارەیـەك هەڵسـەنگێنەری شـارەزای بـواری میدیـا* داوە بەمەبەسـتی خسـتنەڕووی سـەرنجەکانی خۆیـان و دەوڵەمەندکردنـی پرسـیار و تەوەرەکانـی نێـو فۆرمەکـە. پـاش ئـەوەش بەسـتەر (Link)ی فۆرمەکـە لەڕێـی نوێنەرایەتیی خوێنـدکاران و گرووپەکانـی چـات و ئیمەیڵـەوە بـۆ خوێنـدکاران نێـردراوە بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی.

بوارەکانـی توێژینەوەکـەش برتییـن لـە : بـواری مرۆیـی: خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگـە حکومـی و تایبەتەکانـی چـوار پارێـزگا و سـێ ئیـدارەی سـەربەخۆی هەرێمـی کوردسـتانە بـە تـەواوی پسـپۆریی و قۆناغەکانـی خوێندنـەوە.

بـواری شـوێن: تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی (فەیسـبووك). هەروەهـا زانکۆکانـی (سـەلاحەدین، سـلێمانی، دهـۆك، زاخۆ، سـۆران، هەڵەبجـە، گەرمیـان، کۆیـە، راپەڕیـن، چەرمـوو، پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی، پۆلیتەکنیکـی هەولێـر، پۆلیتەکنیکـی دهـۆك، جیهـان، گەشـەپێدانی مرۆیـی، لوبنانی-فەرەنسـی) و پەیمانگەکانـی (تەکنیکیـی سـلێمانی، چەمچەمـاڵ، دوکان، کـەلار، هەولێـر، ئاکـرێ، ناشـناڵ، هەڵەبجـە، دەربەندیخـان، بـەردەڕەش).

بـواری کات: مـاوەی بەردەسـتبوونی فۆرمـی راپێوییەکـە لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت (٤٨) کاتژمێـری خایانـدووە، رۆژانـی ١١و ١٢ی ئایـاری ٢٠٢٢.

**٤. ناساندن و روونکردنەوەی بەکارهێنانی زاراوەکان**

پاڵنـەر: مەبەسـت لـەو بارەیـە کـە پـاش بیرکردنـەوە لـە مرۆڤـدا دروسـتدەبێت بـۆ نوانـدن/ نەنواندنـی ڕەفتارێـك، یـان ئەنجامـدان/ ئەنجامنەدانـی کردارێکـی دیارییکـراو. پاڵنـەرەکان زۆر و هەمەجـۆرن. ئـەم توێژینەوەیـە پاڵنـەرە کۆمەڵایەتیـی و دەروونیـی و تەکنیکییـەکان دەگرێتـەوە.

لێکەوتـە: ئـەو نیشـانە بەرجەسـتە و مەعنەوییانـە دەگرێتـەوە کـە لـە رەفتـار و هەڵسـوکەوت و بیرکردنـەوەی مرۆڤـدا دەبینرێـن لەپـاش نوانـدن/ نەنواندنـی ڕەفتارێـك، یـان ئەنجامـدان/ ئەنجامنەدانـی کردارێکـی دیارییکـراو.

نـاوی خـوازراو: مەبەسـت لـەو ناوەیـە کـە بەکارهێـن پشـتی پێدەبەسـتێت بـۆ خۆناسـاندن و ئەنجامدانـی چالاکییەکانی لەنێـو جیهانـی گریمانەیـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. واتـە لەبـەر هـەر هۆکارێـك بێـت نـاوە راسـتەقینەکەی خـۆی دەشـارێتەوە و لەجێگەیـدا نـاو و نازنـاوی دیکـە بەکاردەهێنێـت. دەشـێت نـاوی خـوازراو پاشـگری هـۆز و ناوچـە و بنەماڵـە و پیشـەیەك، یـان نـاوی شـتەکان و کەسـایەتییە نـاودارەکان بێـت، یاخـود وشـەو نـاو و سـیفەتێکی بیانیـی بێـت.

فەیسـبووك: یەکێکـە لـە دیارتریـن و بەربڵاوتریـن تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان کـە کۆمپانیـای (میتـا) بەڕێوەیدەبـات. لـە کوردسـتانیش زۆرتریـن بەکارهێنـەری هەیـە. یەکێکـە لـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـەی کـە لەنێـو توێـژی خوێنـدکاران -بەرتوێژانـی ئـەم توێژینەوەیـە- بەکارهێنـی زۆرە و بـۆ چالاکیـی کەسـیی و ئەکادیمیـی و کۆمەڵایەتیـی پشـتی پێدەبەسـترێت.

خوێنـدکار: مەبەسـت لـەو توێـژەی کۆمەڵگەیـە کـە پـاش تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی (پۆلـی ١٢)، لـە ناوەندێکـی سـەربە وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵادا درێـژە بـە خوێندنەکـەی دەدات و تەمەنی لە ١٨ سـاڵ، یـان زیاترەوە دەسـتپێدەکات.

لـەم توێژینەوەیـەدا مەبەسـت خوێنـدكاری زانكـۆ و پەیمانگـە حكومیـی و تایبەتەكانـە، كـە یەكەمیـان چـوار سـاڵ و زیاتـر دەخوێنـن و دووەمیـان دوو سـاڵ دەخوێنـن.

## دووەم/ زانیارییینامەی توێژینەوەكە

### -دەروازەیەك بۆ ناوی خوازراو

نـاوی خـوازراو، جیـاوازە لـە نـاوی چەسـپاو و راسـتەقینەی تـاك. نـاوی دووەمـی كەسـێكە جیـا لـە نـاوە راسـتەقینەكەی خـۆی. هەڵگـری مۆركێكـی مەعنەوییـە و لەنێـو كۆمەڵگـە و ژیـان و رەفتـاری ئاسـاییدا بەكاردەهێنرێـت و دەبێتـە شوناسـی تـاك. هەڵگـری نـاوی خـوازراو، لـە مامەڵـە و ئەركـە فەرمییەكانـدا پەنـا دەباتەوەبـەر نـاوە راسـتەقینەكەی خـۆی كـە لـە ناسـنامە و بەڵگەنامـە و تۆمـارە فەرمییەكانـدا چەسـپاوە.
بەپێـی هەمەجۆریـی قۆنـاخ و ئامانـج و بـواری بەكارهێنانەكـەی، پێناسـەی جۆراوجـۆر هـەن بـۆ ئـەم چەمكـە. رەنگـە لـە سـادەترین پێناسـەدا بریتـی بێـت لـە وشـەیەك، یاخـود وەسـفێكی تایبـەت بـۆ ناوزەدكردنـی كەسـێك كـە دەشـێت ئـەو ناوزەدكردنـە هەڵبـژاردەی خـودی كەسـەكە بێـت، یـان كەسـانی دیكـە بۆیـان دانابێـت. لـە ماڵپـەری پێناسـەكان (Definitions)دا بـەم جـۆرە (نـاوی خـوازراو) ناسـێنراوە: «وشـەیەكی خـوازراوە لـە ناوێكـی دیكـەوە وەرگیـراوە، واتـە نـاوی راسـتەقینەی كەسـەكە نییـە و پێـوەی دەلكێنرێـت. جۆرێكـە لـە شوناسـی داپـۆشراو». دەشـێت ئـەو داپۆشـینە مەرامـی نەشـیاوی لەپشـتەوە بێـت، لەوانەشـە بەپێچەوانـەوە، لەپشـتی نـاوی خـوازراوەوە كاری بـاش و دروسـت ئەنجـام بدرێـت.
ئـەم پۆلێنـە بـۆ سـەردەمی تەكنۆلۆجیـای زانیارییـەكان و بەدیاریكراوییـش بـۆ ئێسـتامان دەسـتدەدات كـە تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان بوونەتـە سـەكۆی چالاكیـی هەمەچەشـنی مرۆڤـەكان. نـاوی خـوازراو لـە سـەردەمی ئینتەرنێـت و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانـدا بەربڵاوتـرە. رەنگـە توندتریـن وەسـف بـۆ چالاكانـی ئـەم دیاردەیـە ئەوەبێـت كـە نـاوی لێنراوە (شـەیتانەكانی ئینتەرنێـت). لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە كـە خەڵكانێـك بـە سـوودوەرگرتن لـە خزمەتگوزاریـی ئینتەرنێـت، لەژێـر نـاوی خـوازراودا تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان دەكەنـە گۆڕەپانـی ئەنجامدانـی كاری نەشـیاو و شـەیتانانە، بـەڵام دیـارە ئەوەیـان تەنهـا نیشـاندانی دیـوە نەرێنییەكـەی نـاوی خـوازراوە، ئەگەرنـا، ئـەو دیاردەیـە لایەنـی ئەرێنییشـی هەیـە. گـەر لـەو ڕوانگەیەشـەوە پێناسـەی بكرێـت، ئـەوا بۆچوونێكـی پێچەوانـە هەیـە كـە ئـەو كەسـانە بـە «پەیامبەرانـی ئینتەرنێـت» ناودەبـات. (Moustafa,٢٠١٨). بـەو واتایـەی كـە ئەوانـەی لەپشـتی نـاوە خوازراوەكانـەوەن، پەیامبـەری جیهانــی گریمانەیــی تــۆڕە كۆمەلایەتییەكانــن و لەپێنــاو خزمەتــی مرۆڤایەتیــی و پیادەكردنــی مــافو ئازادییــە كەسـییەكاندا چالاكیـی دەكـەن.

### -ناوی خوازراو، لە مێژووی دێرینەوە بۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان

خۆحەشـاردان لەپشـت نـاوی خـوازراو و شـاراوەوە دیاردەیەكـی دێرینـە و مێـژووی دەسـتپێكەكەی روون نییـە. نـاوی خـوازراو «یەكێكـە لـە كۆنتریـن و بەهێزتریـن شـێوازەكانی خۆشـاردنەوە، یاخـود شـاردنەوەی ناسـنامەی مرۆڤـەكان كـە لەپێنـاو خۆپاراسـتن لـە لێپرسـینەوە و چەوسـاندنەوە و سـزادا، پەنایـان بردووەتەبـەر». (Candeub,٢٠١٧). هەروەهـا (یوسـف ئەحمـەد داغـر) لـە كتێبـی ( معجـم الأسـماء المسـتعارة وأصحابهـا)دا بـاس لـەوە دەكات كـە مـرۆڤ لـە دێرزەمانـەوە پشـتی بـە هێـما و ئامـاژەكان بەسـتووە وەك ئامرازێـك بـۆ پاراسـتنی نهێنییـەكان و بڵاوكردنـەوەی بۆچوونەكانـی لەژێـر نـاوی خـوازراودا. لـە كۆنـدا ئـەم دیاردەیـە بەجۆرێـك بەربڵاوبـووە كـە بەشـێك لـە نـاوە خـوازراوەكان دواجـار لەبـری نـاوی راسـتەقینە بـوون بـە ناسـنامەی بەربـڵاوی كەسـەكان. هەندێكجـار تەنهـا كەسـێك

خاوەنـی کۆمەڵێـك نـاوی خـوازراو بـووە. بـۆ نموونـە، (ڤۆڵتێـر) فەیلەسـوف و ڕۆشـنگەریی فەرەنسـایی (١٦٠) نـاوی خـوازراوی هەبـووە، (بنیامیـن فرانکلیـن) نووسـەر و سیاسـەتمەداری ئەمریکاییـش (٧٥) نـاوی خـوازراوی هەبـووە. (داغـر، ١٩٩٥، ١٣)..

بـە تێپەڕینـی ڕۆژگار و لەگـەڵ فراوانبوونـی مـەوداکان و زیادبوونـی خواسـتی نووسـین و دەرکەوتنـدا، دیـاردەی خۆشـاردنەوە یاخـود شـانازیکردن لەژێـر نـاوی خـوازراودا، زیاتـر پەرەیسـەندووە. لـە هەمـوو قۆناغەکانـی گەشـەی کۆمیونیکەیشـندا -زارەکیـی، داهێنانـی نووسـین، داهێنانـی پیـت و چـاپ و چاپخانـە، قۆناغـی ئەلیکترۆنیـی و پاشـان فۆناغـی کارلێکیـی و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان- نـاوی خـوازراو ئامادەگییەکـی بەرچـاوی هەبـووە. «نووسـەر و بیرمەنـد و هونەرمەنـد و شـاعیر و بەهرەمەنـد و سیاسـەتمەدار و بازرگانـەکان و پیاوانـی ئایینیـی و تەنانـەت خەڵکانـی ئاسـایی، نـاوی خوازراویـان بـۆ خۆیـان بەکارهێنـاوە». (Nagel,٢٠١٧). لـە کۆنـدا نـاوە خـوازراوەکان هـۆکار و چیرۆکـی جیاجیـان لەپشـتەوە بـووە، لەوانـە: «ڕووداوتـی کەسـەکە یـان کەموکوڕییەکـی جەسـتەیی، بەسـەرهاتێکی تایبەتیـی، یـان شـوێن و ناوچەیـەك، ئاواتێـك، خولیایـەك، دۆخێکـی تایبەتـی دەروونیـی، کۆمەڵایەتیـی، ئابووریـی، ئایینیـی و سیاسـیی، یاخـود خوویەکـی تایبەتـی کەسـەکە و ... تـاد». (داغـر،١٨).

پێشـکەوتنی تەکنۆلۆجیـا و فەراهەمبوونـی ئامرازەکانـی بڵاوکردنـەوە و کارلێککـردن لەبـەردەم هەمـوو تاکێکـدا، وایکـردووە کـە ئـەم سـەردەمە ببێتـە جەنجاڵتریـن قۆناغـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا. ئەگـەر لەکۆنـدا بەکارهێنـان و بڵاوەکردنـی نـاوی خـوازراو تەنهـا لەسـەر ژمارەیەکـی کەمـی تاکـەکان مـاڵ بوویێـت، ئـەوا لەئێسـتادا ئـەم دیاردەیـە هەمـوو سـنوورەکانی خاوەنداریـی و بەکارهێنانـی تێپەڕانـدووە. ئەویـش بەهـۆی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە کـە بووەتـە گۆڕەپانێکـی فـراوان و سـەرئاوەڵا، لەسایەیدا ملیۆنـان کـەس لەڕێـی ئەکاونتـی تایبـەت و لەژێـر نـاوی خـوازراودا جۆرەهـا چالاکیـی ئەنجامـدەدەن.

**-هۆکارەکانی بەکارهێنانی ناوی خوزاراو**

ئـەوەی ئێسـتا لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەیـە، درێژکـراوەی هەمـان دیـاردەی دێرینـە، ڕەنگـە جیاوازیـی گـەورەی نێـوان هـەردوو قۆناغەکـە بریتیـی بێـت لـە کارئاسـانیی فەراهەمبوونـی ئامـراز و خزمەتگوزارییەکانـی کۆمیونیکەیشـن لـەم سـەردەمەدا بـۆ هەمـوو کـەس بـە جیاوازیـی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتیـی و چینایەتیـی. بۆیـە دەشـێت دیارتریـن هۆکارەکانـی بەربڵاویـی ئـەم دیاردەیـە لەئێسـتادا ئەمانـەی خـوارەوە بێـت:

-تـرس لـە سـزا و لێپێچینـەوەی یاسـایی: ئـەو چالاکییانـەی لەڕێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە ئەنجامدەدرێـن، هەمەجـۆرن. هەندێـك لەوانـە دەچنـە خانـەی سـەرپێچیی یاسـایی و پیشـەییەوە. زۆرێـك لـە ڕژێمـە حوکمڕانییـەکان لـە حاڵەتـی ئاشـکراکردنیدا، ئەمانـە ڕووبـەڕووی سـزای تونـد دەکەنـەوە، بۆیـە ئەوانـەی لـەم بـوارەدا چالاکـن، پەنـا دەبەنـە بـەر بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا.

-تـرس لـە لۆمـە و تانەوتەشـەر: دەشـێت ترسـەکە سیاسـیی بێـت، یاخـود کۆمەڵایەتیـی و خۆشـاردنەوە لـە خێـزان و کۆمەڵگـە. «خەڵکانێـك بەهـۆی چیرۆکێکـی تایبەتییـەوە هەسـت بـە شـکان و شـەرمەزاریی دەکـەن و لەترسـی تۆڵـەی کۆمەڵگـە لەژێـر نـاوی خـوازراودا خۆیـان حەشـاردەدەن و چالاکیـی خۆیـان لـە تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـدا ئەنجـام دەدەن». (Gerrard,٢٠٢١).

- چاولێکەریـی: ئەمـە دیاردەیـە لەنێـو دیـاردەدا. بەشـێکی زۆری هەنـگاو و کـردار و بڕیـار و ڕەفتارەکانـی مـرۆڤ لەچوارچێـوەی چاولێکەرییـدا خـۆی دەبینێتـەوە. بەکارهێنانـی نـاوی خوازراویـش لای بەشـێکی بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان هیـچ نییـە جگـە لـە چاولێکەریـی، چونکـە هیچـکام لـە هۆکارەکانـی دیکـەی بەسـەردا ناچەسـپێت.

- خۆشـیی و ئـارەزووی خۆدەرخسـتن: بەشـێکی ئەوانـەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، مەبەسـتیان کاتبەسـەربردن و خۆشـییە، یـان ئەوەتـا دەیانەوێـت لەڕێـی ئـەو نـاوە خـوازراوەوە توانـاو لێهاتوویـی خۆیـان تاقیبکەنـەوە. جـۆری دووەمیـان ئەزموونکردنـی توانـا کەسـییەکان و هەڵسـەنگاندنی کاردانـەوەی وەرگـرە.

- نـاوی خـوازراوی ناچاریـی: ئـەو جۆرەیـە کـە مـرۆڤ لـە کۆمەڵگـەدا بەبـێ ویسـتی خـۆی ناوێکـی بەسـەردا بـڕاوە، هـەر ئـەوەش بووەتـە شوناسـێکی ناچاریـی بـۆی لەنێـو جیهانـە گریمانەییەکـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. پێچەوانـەی ئـەم جـۆرەش نـاوی خـوازراوی ئارەزوومەندانەیـە کـە خـودی کەسـەکە نازناوێـك بـۆ خـۆی هەڵدەبژێرێـت و لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا بـەکاری دەهێنێتـەوە.

- بازرگانیـی و قازانـج: هەندێـك لـە نـاوە خـوازراوەکان ئامانجـی بازرگانیـی و بەدەسـتهێنانی قازانجـی ماددییـان لەپشـتەوەیە. ئەوانـە پشـت بـە نـاوی کەسـایەتی، ئەسـتێرەکان و براندە دڵخـوازەکان دەبەسـتن لەپێنـاو کۆکردنـەوەی زۆرتریـن کارلێـك و کاردانـەوەی جیهانـە گریمانەییەکـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا کـە سـەرەنجام بـەو هۆیـەوە دەبنـە سـەکۆی پڕبینـەر و جەماوەریـی گـەورە.

- چەواشـەکاریی: ئـەم سـەردەمە بارگاوییـە بـە ململانـێ سیاسـییەکان و جەنگـی زانیارییـەکان، یەکێـك لـە چەکـە هـەرە کاریگەرەکانـی ئـەم گۆڕەپانـەش بریتییـە لـە چەواشـەکاریی. نـاوە خـوازراوەکان باشـترین ئامـرازن بـۆ بڵاوکردنـەوەی چەواشـەکاریی لـە تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـدا کـە «بەکارهێنـەران بـە ئـارەزووی خۆیـان ئەکاونـت دروسـت دەکـەن -راسـتەقینە بێـت یاخـود بەنـاوی خـوازراوەوە- لـەو ڕێگەیەشـەوە ئەرکـی خۆیـان بەجێدەگەیەنـن کـە چەواشـەکارییە». (عبداللـە،٢٠١٩).

**-دییوە خراپەکانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا**

سـەرباری ئـەو پاسـاوانەی کـە هـەن بـۆ بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا کۆمەڵێـک لایەنـی خراپیشـیان هەیـە، کـە ئەمانـەن:

- ناسـنامەی کەسـەکان ون دەکات، واتـە کەسـی بەشـدار بەنـاوی خـوازراوەوە بـە شـاراوەیی دەمێنێتـەوە. دەشـێت بـەوەش زۆر گرفتـی یاسـایی، پیشـەیی، کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت.

- چەترێکـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیاریـی سـاختە و چەواشـەکاریی و خێرایـی بڵاوبوونـەوەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا، بەمـەش راسـتیی دەبێتـە قوربانیـی ئـەو جیهانـە گریمانەییـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان.

- لەژێـر نـاوی خـوازراودا «هانـدان بـۆ رقلێبوونـەوە و دوژمنایەتیـی و رەتکردنـەوەی ئەویـتر زیاتردەبێـت و کۆنترۆڵکردنیشـی ئاسـان نییـە». (Kaye,٢٠١٥).

- متمانـە لەنێـوان بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا کەمدەکاتـەوە بەرامبـەر بـە یەکـدی و ئـەو زانیارییانـەی بڵاودەکرێنـەوە.

**- بواری ناوزڕاندن، لەکەدارکردن و هەڵبەستن و تۆمەت دروستکردن زیاتر دەکات.**

- زۆرجار دەبێتە مایەی زیادبوونی حاڵەتەکانی یاساشکێنیی و دزینی ئەدەبیی و زۆر پێشهاتی نەخوازراوی دیکە.

- ئەوانـەی لەژێـر نـاوی خـوازراودا دەناسرێـن و ناوبانـگ پەیدادەکـەن، لەکۆتاییـدا دووچـاری گرفـت دەبنـەوە، چونکـە رەنگـە ئیـتر نەتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ ناسـنامە و نـاوە راسـتەقینەکەی خۆیـان. دەشـێت ئەمـە لـە مامەڵـە و نـوسراو و ڕێـکارە فەرمییەکانیشـدا ببێتـە مایـەی سەرئێشـە بـۆ کەسـەکە.

سـەرەنجام بـە هەمـوو لایەنـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانیـەوە، نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا وەك شوناسـی تـاك خـۆی دەنوێنێـت لەنێـو ئـەو جیهانـە گریمانەییـەی ئینتەرنێتـدا کـە بووەتـە بەشـێك لـە ژیـان و مامەڵـەی رۆژانـە.

نـاوی خـوازراو هەرچۆنێـك و هەڵگـری هـەر واتـاو ئامانجێـك بێـت، رۆڵـی (شوناسـی ئەلیکترۆنیـی یـان دیجیتاڵـی) دەگێڕێـت کـە وێنایەکـی گریمانەییـە و دەرهاویشـتەی نـاو و زانیارییـە کەسـییەکان و چالاکییەکانـی کەسـەکەیە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا، دەشـێت ئـەو زانیارییانـەش سـاختە بـن یاخـود راسـتەقینە.

## سێیەم/ پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### ١/ گۆڕاوە دیموگرافییەکانی بەرتوێژان:

وەك لـە خشـتەی (١)دا ڕوون کراوەتـەوە، زۆرینـەی بەرتوێـژەکان لـە رەگـەزی نێـرن بـە رێـژەی (٦٦،٥٢٪). ئـەوەش دەکاتـە دوو لەسـەر سـێی کـۆی بەرتوێـژەکان، لـە بەرامبـەردا بەرتوێژانـی رەگـەزی مـێ ڕێـژەی (٣٣،٤٨٪) پێکدەهێنـن. دەشـێت هۆکارێکـی ئـەم نابەرابەرییـە ئەوەبێـت کـە سـامپڵەکە هەڕەمەکیـی بـێ مەبەسـتە. هەرچـی پەیوەندیـی بـە گـۆڕاوی تەمەنـەوە هەیـە، ئـەو بەرتوێژانـەی تەمەنیـان لـە ٢٢ سـاڵو زیاتـرە بـە پلـەی یەکـەم دێـن کـە رێژەکەیـان دەکاتـە (٣٨،٠٥٪)، پاشـان تەمەنـی (٢١سـاڵ) بـە رێـژەی (٢٢،٠٣٪) و بـەدوای ئەوانیشـدا بەرتوێژانـی تەمـەن (١٩ سـاڵ) بـە رێـژەی (١٣،٥٩٪)، پلـەی پێنجـەمو کۆتاییـش ئەوانـە گرتوویانـە کـە کەمتریـن تەمەنـی نێـو بەرتوێژانیـان هەیـە و (١٨) سـاڵانن. بەڕەچاوکردنـی ئـەو بنەمایـەی کـە خوێنـدکار لەپـاش تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی، لـە تەمەنـی ١٨ سـاڵیدا دەبێتـە خوێنـدکاری زانکـۆ یـان پەیمانگـە، پێدەچێـت زۆرینـەی بەرتوێـژەکان خوێنـدکاری دواقۆناغەکانـی زانکـۆ بـن. سـەبارەت بـە پسـپۆریی بـەش و کۆلێژەکانیـش، ئـەو بەرتوێژانـەی لـە پسـپۆرییەکانی زانسـتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا دەخوێنـن زیاتـر لـە دوو لەسـەر سـێی کـۆی ژمـارەی بەرتوێـژەکان پێکدەهێنن بـە رێـژەی (٦٣،٨١٪). ئـەوەی دەمێنێتـەوە ئـەو خوێندکارانـەن کـە لـە بەشـە زانسـتیی و پراکتیکییەکانـدان بـە رێـژەی (٣٦،١٩٪). لـە هەمـان خشـتەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە لەبـاری کۆمەڵایەتییـەوە زۆرینـەی رەهـای بەرتوێـژان (سـەڵت)ن و رێـژەی (٨٤،٩٧٪) پێکدەهێنـن. ئـەوەش رێژەیەکـی ئاسـاییە بـە رەچاوکردنـی نەریـت و دۆخـی کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی خەڵکـی کوردسـتان کـە زۆرینـەی خوێنـدکاران لەپـاش تەواوکردنـی خوێنـدن و دەسـتکەوتنی هەلـی کارکـردن ئینجـا بیـر لـە پرۆسـەی هاوسـەرگیریی دەکەنـەوە. ئەوانەشـی کـە خێزانـدارن پلـەی دووەمیـان گرتـووە بـە رێـژەی (١٠،٧٢٪)، پاشـان دەسـگیراندار بـە رێژەیەکـی کـەم (٣،٨٦٪) و دوای ئەوانیـش جیابـووەوە بـە رێژەیەکـی کەمـتر (٠،٤٢٪)، بـژاردەی پێنجەمیـش هیـچ بەرتوێژێکـی تێدانییـە کـە خوێنـدکاری هاوسـەرمردووە. دوایـن گـۆڕاوی دیمۆگرافیـی بەرتوێژانیـش شـوێنی نیشـتەجێبوونیانە کـە وەك لـە خشـتەکەدا دیـارە، زۆرینەیـان دانیشـتووی ناوەنـدی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکانن بـە رێـژەی (٣٨،٧٦٪)، پاشـان بـە جیاوازییەکـی کـەم دانیشـتوانی ناوەنـدی قـەزاکان پلـەی دووەمیـان گرتـووە بـە رێـژەی (٣٢،١٨٪)، دانیشـتووی ناحیەکانیـش لـە پلـەی سـێیەمدان بـە رێـژەی (١٨،٤٥٪) و کەمترینیشـیان دانیشـتووی گونـدن بـە ڕێـژەی (١٠،٥٨٪).

خشتەی (١): گۆڕاوە دیموگرافییەکانی بەرتوێژان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٤٦٥ | ٦٦,٥٢٪ |
| | مێ | ٢٣٤ | ٣٣.٤٨٪ |
| تەمەن | ١٨ ساڵ | ٤١ | ٥,٨٦٪ |
| | ١٩ ساڵ | ٩٥ | ١٣.٥٩٪ |
| | ٢٠ ساڵ | ١٤٣ | ٢٠.٤٥٪ |
| | ٢١ ساڵ | ١٥٤ | ٢٢,٠٣٪ |
| | ٢٢ ساڵ و زیاتر | ٢٦٦ | ٣٨.٠٥٪ |
| بواری خوێندن | ز. سروشتی و پەتییەکان | ٢٥٣ | ٣٦.١٩٪ |
| | ز. مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان | ٤٤٦ | ٦٣,٨١٪ |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ٥٩٤ | ٨٤,٩٧٪ |
| | خێزاندار | ٧٥ | ١٠,٧٢٪ |
| | جیابووەوە | ٣ | ٠,٤٢٪ |
| | دەستگیراندار | ٢٧ | ٣,٨٦٪ |
| | هاوسەرمردوو | ٠ | ٠٠٪ |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی پارێزگا/ ئیدارە | ٢٧١ | ٣٨,٧٦٪ |
| | ناوەندی قەزا | ٢٢٥ | ٣٢,١٨٪ |
| | ناحیە | ١٢٩ | ١٨,٤٥٪ |
| | گوند | ٧٤ | ١٠,٥٨٪ |

**٢/ ناوی بەکارهاتوو لەلایەن بەرتوێژانەوە لە فەیسبووك دا:**

بەپێی داتای بەدەستهاتوو کە لە خشتەی (٢)دا دیارە، ڕێژەی (٨٣،٢٦٪)ی کۆی مشتەی توێژینەوەکە ئەکاونتەکانیان لە تۆڕی فەیسبووکدا بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوەیە. ئەوانەشی کە بە ناوی خوازراوەوە فەیسبووك بەکاردەهێنن بەپلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (١٣،٣٠٪)ی کۆی بەرتوێژان کە ژمارەیان (٩٣) خوێندکارە لە کۆی (٦٩٩) کەس. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە و بایەخی ئەم توێژینەوەیە و هۆکاری دیاریکردنی کێشەکەی ڕوونتر دەکاتەوە. سەبارەت بە بژاردەی سێیەم کە پشتبەستنی خوێندکارانە بە کورتکراوەی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان لە فەیسبووکدا، کەمترین ژمارەی بەرتوێژ لەم خانەیەدا دەبینرێت بە ڕێژەی (٣،٤٣٪).

ئەم ڕێژانە دەریدەخەن کە خوێندکاری کورد کەمتر پشت بە ناوی خوازراو دەبەستن لەچاو خوێندکاری زانکۆکانی میسردا، وەک لە توێژینەوەی (قطب،٢٠٢٠، ٢١٤)دا هاتووە: ڕێژەی (٢٥،٠٠٪)ی خوێندکاری زانکۆکانی میسر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی خوازراو بەکاردەهێنن.

خشتەی (٢): دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ناوی ئەکاونتەکانیان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی بەکارهاتوو | ناوەکەی ڕاستەقینەیە | ٥٨٢ | ٪٨٣,٢٦ |
| | ناوەکەی خوازراوە | ٩٣ | ٪١٣,٣٠ |
| | کورتکراوەی ناوی ڕاستەقینەیەتی | ٢٤ | ٪٣,٤٣ |

بەپێـی داتاکانـی خشـتەی (٣) کـە وردەکاریـی شـاردنەوەی نـاو و زانیارییەکانـی بەرتوێـژان لەخۆدەگرێـت لـە فەیسـبووکدا، زیاتـر لـە نیـوەی ئەوانـەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن تەنهـا ناوەکەیـان خـوازراوە، واتـە وێنـەی پرۆفایـل و زانیاریـی سـەر پرۆفایلەکانیـان ڕاسـتەقینەیە، ڕێژەکـەش (٥٥،٩١٪)ە. ئەوانەشـی نـاو و وێنـەی پرۆفایلەکەیـان هـی خۆیـان نییـە بەپلـەی دووەم دێـن بـە ڕێـژەی (٣٠،١٠٪). کەمتریـن ڕێـژەش ئەوانـە پێکیدەهێنـن کـە نـاو و وێنـە و زانیاریـی سـەر پرۆفایلەکانیـان خـوازراون بـە ڕێـژەی (١٣،٩٧٪).

ئـەم ئەنجامانـە پێچەوانـەی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراون لەلایـەن خانمانـی ئێرانییـەوە. وەک لـە توێژینـەوەی (Ibrahimi & Salaverria:٢٠١٥)دا هاتـووە، زۆرینـەی خانمانـی ئێرانیـی نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، کەچـی وێنەکانیـان ڕاسـتەقینەن، بەجۆرێـک دژیەکییـەک هەیـە لەنیـوان ڕەفتـاری ڕاسـتەقینە و چالاکییـان لـە فەیسـبووکدا، چونکـە لـە ژیانـی ڕاسـتەقینەدا جەسـتەیان دادەپۆشـن بـەڵام، لەڕێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە بەبـێ سـەرپۆش و پۆشـاکی زۆر، ێنەکانیـان دادەنێـن.

خشتەی (٣): شێوازی خۆناساندنی بەرتوێژان بەناوی خوازراوەوە

| | | |
|---|---|---|
| تەنها ناوەکەی خوازراوە | ٥٢ | ٪٥٥,٩١ |
| ناو و وێنەی پرۆفایلەکەی خوازراوە | ٢٨ | ٪٣٠,١٠ |
| ناو، وێنە، زانیاریی پرۆفایلی خوازراوە | ١٣ | ٪١٣,٩٧ |

سـەبارەت بـە واتـای نـاوی خـوازراوی بەرتوێـژەکان لـە فەیسـبووکدا، وەك لـە خشـتەی (٤)دا دەردەکەوێـت، بەرتوێـژان بەپلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی (٢٩،٠٣٪) نـاوە خوازراوەکەیـان لـە ناوێکـی سرووشـتییەوە وەرگرتـووە، وەکـو نـاوی (گـوڵ، چیـا، درەخـت و ڕووبـار و ...تـاد). ئەوانەشـی کـە نـاوی کەسـایەتیی و ئەسـتێرە ناودارەکانیـان خسـتووەتە سـەر پرۆفایلەکانیـان پلـەی دووەمـی ڕیزبەندییەکەیـان گرتـووە بـە ڕێـژەی (٢٧،٩٥٪). هەرچـی ئەوانەشـە کـە فەیسـبووکی خۆیـان بەنـاوی کەسـێکی نزیـك و خۆشەویسـتی خۆیانـەوە دانـاوە، پلـەی سـێیەمیان گرتـووە بـە ڕێـژەی (٢١،٥٠٪). پاشـان لـە پلـەی چوارەمـدا ئەوانـە دێـن کـە نـاوە خوازراوەکەیـان گوزارشـت لـە بـاری دەروونیـی و کۆمەڵایەتیـی خۆیـان دەکات بـە ڕێـژەی (١٦،١٢٪). ئەوانەشـی کـە ناوێکـی ئایینییـان بەکارهێنـاوە پلـەی پێـش کۆتاییـان گرتـووە بـە ڕێـژەی (٥،٣٧٪)ی کـۆی ئـەو بەرتوێژانـەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن لـە فەیسـبووکدا. هـەر بەگوێـرەی داتاکانـی نێـو هەمـان خشـتە، هیچـکام لـە بەرتوێـژەکان ناوێکـی خـوازراو بەکارناهێنـن کـە گوزارشـت بـکات لـە بیروبـاوەڕی سیاسـییان.

ئـەم ئەنجامانـە تـەواو پێچەوانـەی واتـا و مەرامـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراون لای گەنجانـی شـاری (ماردیـن) لـە باکـووری کوردسـتان. وەک لـە توێژینـەوەی (Costa: ٢٠٢٠)دا دەرکەوتـووە، گەنجانـی شـاری ماردیـن زۆربەیـان نـاوی خـوازراوی سیاسـیی بەکاردەهێنـن لـە فەیسـبووکدا، ئـەوەش وەک سـتراتیژێک بـۆ ئاڵوگـۆڕی ئازادانـەی بابەتـی سیاسـیی و خۆدزینـەوە لـە چاودێرییـە توندەکانـی دەوڵـەت.

خشتەی (٤): گوزارشت و واتای ناوی خوازراوی بەرتوێژان لە فەیسبووکدا

| | | |
|---|---|---|
| ناوی شتێکی سرووشتییە | ٢٧ | ٪٢٩،٠٣ |
| ناوی کەسایەتییەک یان ئەستێرەیەکی ناوداره | ٢٦ | ٪٢٧،٩٥ |
| ناوی کەسێکی نزیک و خۆشەویستیەتی | ٢٠ | ٪٢١،٥٠ |
| گوزارشتە لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆی | ١٥ | ٪١٦،١٢ |
| ناوێکی ئایینییە | ٥ | ٪٥،٣٧ |
| گوزارشت لە بیروڕای سیاسیی خۆی دەکات | ٠ | ٪٠٠ |

**٣/ پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

بەپێی داتاکانی خشتەی (٥) کە تایبەتە بە پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن ئەو (٩٣) بەرتوێژەی کە ئەکاونتەکەیان لە فەیسبووکدا بەناوی خوازراوەوەیە، پاڵنەری یەکەم ئەوەیە کە زۆربەیان بە ڕێژەی (٪٣٥،٤٨) بە پێویستی نازانن ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنن لە فەیسبووکدا. ئەوانەشی کە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆیان بەدڵ نییە بە ڕێژەی (٪١٧،٢٠) لە پلەی دووەمدان. ئەوانەش لە پلەی سێیەمدان کە لەترسی تانەی کۆمەڵگە ناوی خۆیان ئاشکراناکەن و ڕێژەکەیان دەکاتە (٪١٢،٩٠). بەشێکی دیکەی بەرتوێژەکان تەنها وەکو چاولێکەریی ناوی خوازراو بەکاردەهێنن و لە پلەی چوارەمدان بەڕێژەی (٪٨،٦٠). پلەی پێنجەمیش لەیەك کاتدا چوار بژاردەی بەشێوەی یەکسان لەخۆیدا کۆکردووەتەوە بە ڕێژەی (٪٥،٣٧) کە بریتین لە (ترسی گێچەڵ و بێزارکردن، ترسی هاککردن، بۆ خۆشاردنەوە لە هاوڕێ و خەڵکی بەدکار، ترسی خێزان و کەسوکار). هەرچی پاڵنەری پۆزلێدان و خۆدەرخستنیشە بەهۆی ناوی خوازراوەوە، دوایین پلەی ڕیزبەندیی بژاردەکانی گرتووە بە ڕێژەی (٪٤،٣٠) لە کۆی ئەو بەرتوێژانەی کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن.

جیاوازیی پلەبەندیی پاڵنەرەکان لەنێوان خوێندکاری کورد و خوێندکاری میسریدا ئەوەیە کە پاڵنەری یەکەم لای خوێندکاری کورد ئەوەیە کە بەپێویستی نازانن ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام خوێندکاری زانکۆکانی میسر بەپێی توێژینەوەی (ابوزید،٢٠٢٠، ٤٥) پاڵنەری یەکەمیان ئەوەیە کە ناوی خوازراو بوێریی و ئازادیی نووسین و بڵاوکردنەوەیان دەداتێ.

خشتەی (٥): پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە

| | | |
|---|---|---|
| بەپێویستی نازانێت ناوە ڕاستەقینەکەی ئاشکرابکات | ٣٣ | ٪٣٥,٤٨ |
| ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەدڵ نییە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| لەترسی تانەی کۆمەڵگە | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| تەنها چاولێکەرییە | ٨ | ٪٨,٦٠ |
| لەترسی گێچەڵ و بێزارکردن | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| لەترسی هاککردن | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| بۆخۆشاردنەوە لە هاوڕێی بەدکار | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| لەترسی خێزان و کەسوکار | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| تەنها بۆ پۆزلێدان و خۆدەرخستن | ٤ | ٪٤,٣٠ |

هەروەکـو لـە خشـتەی (٥)دا دەردەکەوێـت، دیارتریـن پاڵنـەری بەکارهێنانـی نـاوی ئەسـتێرە و کەسـایەتییەکان لای بەرتوێـژان، سەرسـامبیانە بـە واتـای نـاوی کەسـەکە بـە ڕێـژەی (٣١،١٨٪)ی کـۆی ئـەو بەرتوێژانـەی کـە ئەکاونتـی فەیسـبوکیان بـە نـاوی خوازراوەوەیـە. سەرسـامبوون بـە کەسـایەتی و رەفتـاری کەسـەکانیش وەک پاڵنـەری دووەم هاتـووە کـە رێژەکـەی دەکاتـە (١٩.٣٥٪). لەکاتێکـدا هـەردوو پاڵنـەری (سەرسـامبوون بـە جوانیـی و کەشـخەیی کەسـەکە) و (سەرسـامبوون بـە بەهـرە و لێهاتوویـی کەسـەکە) بەشـێوەیەکی یەکسـان پلـەی سـێیەمیان گرتـووە بـە رێـژەی (١١،٨٢٪) بـۆ هەریـەک لـەو دوو بژاردەیـە. یەکێکـی دیکـە لـە پاڵنـەرەکان، بەکارهێنانـی نـاوی کەسـەکانە بـۆ زیادکردنـی ژمـارەی هـاوڕێ و کۆمێنـت و کارلێـك لـە فەیسـبووکدا کـە (١٠،٧٥٪)ی بەرتوێـژان بـەو پاڵنەرە نـاوی خوازراو بەکاردەهێنـن. هـەردوو پاڵنـەری (بەکارهێنانـی نـاوی کەسـەکە وەك گاڵتەجاڕیـی) و (لەکەدارکردنـی نـاوی کەسـەکە لەڕێـی پۆسـت و کۆمێنتـی نەشـیاوەوە) بەشـێوەیەکی یەکسـان پلـەی پێنجەمیـان گرتـووە لای ئـەو بەرتوێژانـەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن و رێـژەی هەریەکەیـان دەکاتـە (٧،٥٢٪).

ئـەو داتایانـەی سـەرەوە نیشـانیدەدەن کـە سـەرباری بەربڵاویـی دیـاردەی خـراپ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، بـەڵام لەنێـو سـامپڵەکەدا کەمتریـن رێـژەی خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان پشـت بـە نـاوی خـوازراو دەبەسـتن بـۆ مەبەسـتی نەرێنیـی وەك گاڵتەپێکـردن یـان لەکەدارکردنـی نـاوی کەسـایەتیی و نـاوداران کاتێـك ئەکاونتـی خۆیـان بـە نـاوی ئەوانـەوە دروسـت دەکـەن.

خشتەی (٦): پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی ئەستێرە و کەسایەتییەکان لای بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| سەرسامبوون بە واتای ناوی کەسەکە | ٢٩ | ٪٣١,١٨ |
| سەرسامبوون بە کەسێتیی کەسەکە | ١٨ | ٪١٩,٣٥ |
| سەرسامبوون بە کەشخەیی/ جوانیی کەسەکە | ١١ | ٪١١,٨٢ |
| سەرسامبوون بە بەهرە و لێهاتوویی کەسەکە | ١١ | ٪١١,٨٢ |
| بەکارهێنانی ناوەکە بۆ لایک و کۆمێنت و کارلێک | ١٠ | ٪١٠,٧٥ |
| بەکارهێنانی ناوی کەسەکە وەک گاڵتەجاڕییەک | ٧ | ٪٧,٥٢ |
| لەکەدارکردنی ناوبانگی بە کۆمێنت و پۆستی نەشیاو | ٧ | ٪٧,٥٢ |

**٤/ لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

بەگوێـرەی داتاکانـی خشـتەی (٧) کـە تایبەتـە بـە لێکەوتـە ئەرێنییەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەلایـەن بەرتوێژانـەوە، بەپلـەی یەکـەم و رێـژەی (٣٧،٦٣٪) نـاوی خـوازراو بووەتـە جێگـرەوەی نـاوی راسـتەقینەی نابەدڵـی بەرتوێـژەکان لەنێـو خێـزان و هاوڕێکانیانـدا. دوو لێکەوتـەی ئەرێنیـی دیکـە بەشـێوەیەکی یەکسـان پلـەی دووەمیـان گرتـووە کـە بریتیـن لـە ئاسـوودەیی دەروونیـی و رزگاربـوون لـە کەسـانی بێزارکـەر بەهـۆی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوەوە، هەریـەك لـەو دوو لێکەوتەیـەش رێژەکەیـان (١٧،٢٠٪)ــە. ئـەو خوێندکارانـەش کـە بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو بوێریـی نوسـین و بڵاوکردنـەوەی پێبەخشـیون لـە فەیسـبووکدا، رێـژەی (١٥،٠٥٪) پێکدەهێنـن و لـە پلـەی سـێیەمدان. هەرچـی پلـەی چوارەمیشـە ئـەو لێکەوتەیـە گرتوویەتـی کـە خوێنـدکار بەهـۆی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوەوە سەربەسـت بـوون لـە زیادکـردن یـان وەرگرتـن و رەتکردنـەوەی هـەر هاوڕێیەکـی نـوێ لـە فەیسـبووکدا بـە رێـژەی (١٢،٩٠٪). هەمـوو ئـەو لێکەوتانـەی سـەرەوە لەکاتێکـدا دێـن کـە هیچـکام لـە خوێندکارانـی زانکـۆ و

پەیمانگـەکان هـاوڕای ئـەو بژاردەیـە نیـن کـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە قەدەغەکراوەکانـی کۆمەڵگـە و خێزانیـان شـکاندبێت. ئـەو لێکەوتەیـە لەنێـو بەرتوێژەکانـدا یەکسـانە بـە (سـفر).

کەواتـە بەگوێـرەی داتاکانـی خشـتەی (٧) جیاوازیـی هەیـە لەنێـوان دیارتریـن لێکەوتـەی ئەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەنێـوان خوێنـدکاری کـورد و گەنجانـی جەزائیـردا. ئەنجامەکانـی توێژینـەوەی (بلوطـی،٢٠١٥، ١٦٦) نیشـانیدەدەن کـە لای زۆرینـەی گەنجانـی جەزائیـر بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو، بەپلـەی یەکـەم بووەتـە هـۆی ئازادیی دەربڕیـن لەگـەڵ ئەوانیـتردا، بەبـێ ئـەوەی دەسـتبەرداری بەهـا و پرەنسـیپە کۆمەڵایەتییەکانـی خۆیـان بـن.

خشتەی (٧): لێکەوتە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەسەر بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| بووەتە جێگرەوەی ناوەکەی لای کەسوکار و خێزان | ٣٥ | ٪٣٧,٦٣ |
| لەڕووی دەرونییەوە بەو ناوە خوازراوە ئاسوودەیە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| ئەو ناوە لە کەسانی بێزارکەر ڕزگاری کردووە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| بوێریی نووسین و بڵاوکردنەوەی پێبەخشیوە | ١٤ | ٪١٥،٠٥ |
| سەربەستە لە وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی هاوڕێی نوێدا | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| بەهۆیەوە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگە دەشکێنێت | ٠ | ٪٠,٠ |

داتاکانـی خشـتەی (٨) ئـەوە ڕووندەکەنـەوە کـە دیارتریـن لێکەوتـەی نەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێنـدکار ئەوەیـە کـە بووەتـە هـۆی نەناسـینەوەیان لەلایـەن هـاوڕێ ڕاسـتەقینەکانی خۆیانـەوە بـە ڕێـژەی (٣٤،٤٠٪). لێکەوتـەی نەرێنیـی دوای ئەویـش نەبوونـی متمانـەی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووکە بـەو کەسـانەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، ئـەم لێکەوتەیـە بـە پلـەی دووەم و ڕێـژەی (٣١،١٨٪) هاتـووە. ئەوانەشـی بەهۆی نـاوە خوازراوەکەیانەوە فێـری زیادەڕۆیـی و سـنووربەزاندن بـوون ڕێژەکەیـان گەیشـتووەتە (١٥،٠٥٪) و لـە پلـەی سـێیەمدان. لێکەوتەیەکـی نەرێنیـی دیکـەی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێندکارانـی زانکـۆ و پەیمانگـەکان ئەوەیـە کـە بـەو هۆیـەوە ڕێـژەی (١٢،٩٠٪)یـان دووچـاری کێشـەی کۆمەڵایەتیـی بـوون. لـە پلـەی پێنجەمـی بژاردەکانیشـدا ئـەوە دەردەکەوێـت بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو بووەتـە هـۆی گۆڕانـی ڕەفتـاری بەکارهێنـەری فەیسـبووك و دابڕانـی لـە کەسـایەتییە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی، ڕێـژەی ئەوانـە دەکاتـە (٥،٣٧٪). ئـەوەی دەمێنێتەوە نائاسـوودەیی دەروونییـە وەك لێکەوتەیەکی نەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان. ئـەم لێکەوتەیـە لەسـەر کەمترینیـان ڕەنگدانـەوەی هەبـووە و ڕێژەکـەی تەنهـا (١،٠٧٪)ـە.

بەبەراودکردنـی ئـەو ئەنجامانـەی سـەرەوە دەردەکەوێـت کـە دیسـان جیاوازیـی هەیـە لـە ریزبەندیـی لێکەوتـە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێندکاری کورد و گەنجانـی جەزائیـر. توێژینەوەی (اسـمهان،٢٠١٨، ٤٢٦) ئـەم بۆچوونـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە دەریخسـتووە دیارتریـن لێکەوتـەی نەرێنیـی لەسـەر گەنجانـی جەزائیـر ئەوەیـە، کـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە دووچـاری ئاسـتەنگ بـوون لـە جیاکردنـەوەی شوناسـی ڕاسـتەقینە و گریمانەیی خۆیانـدا.

خشتەی (٨): لێکەوتە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەسەر بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| بەهۆی ناوە خوازراوەکەوە هاورێ راستەقینەکانی نایدۆزنەوە | ٣٢ | ٪٣٤,٤٠ |
| کەسانی نەناسراوە متمانەی پێناکەن | ٢٩ | ٪٣١,١٨ |
| فێری زیادەڕۆیی و سنووربەزاندنی کردووە | ١٤ | ٪١٥،٠٥ |
| دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتیی کردووە | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| رەفتارەکانـی لـە فەیسـبووک دوورن لـە کەسـێتیی ڕاسـتەقینەی خـۆی | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| دەروونی نائاسودەیە بە رەفتارەکانی لەژێر ئەو ناوەدا | ١ | ٪١،٠٧ |

## چوارەم/ ئەنجام و لێکدانەوە:

**لەبەر رۆشنایی ئەو داتایانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:**

١-فەیسـبووک سـەکۆیەکی کاریگـەرە بـۆ خوێنـدکار کـە بەهۆیـەوە دەتوانێـت بەهـەر جۆرێـک بیەوێـت خـۆی تێـدا نمایـش بـکات. پەنابـردن بـۆ نـاوی خوازراویـش، ئـەو گریمانەیـەی (هۆفـمان) دەسـەلمێنیت کـە تاکـەکان خوازیـارن لەپشـتی پـەردەوە چالاکیـی و کەسـایەتیی خۆیـان بنوێنـن. هەروەکـوو ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە دەریدەخـەن کـە پشتبەسـتنی خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان بـە نـاوی خـوازراو لـە فەیسـبووکدا دیاردەیەکـی بەربـڵاوە بـە رێـژەی (١٣،٣٠٪)ی کـۆی بەرتوێژانـی توێژینەوەکـە.

٢-دوورەپەرێزیـی و خۆپاراسـتنی خویندکارانـی زانکـۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان لـە چالاکیـی و رەفتـاری سیاسـیی، ئایینیـی لەڕێـی فەیسـبووک، یـان لانیکـەم لەڕێـی نـاوی خـوازراوەوە. ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینـەوە وای نیشـاندەدەن کـە هیچـکام لـە بەرتوێـژەکان نـاوە خوازراوەکەیـان گوزارشـت لـە بیـروڕای سیاسـییان نـاکات، کەمترینیشـیان نـاوە خوازراوەکەیـان هەڵگـری واتایەکـی ئایینیـە بـە رێـژەی (٥،٣٧٪).

٣-کاتێـک بـەراوردی ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە دەکەیـن لەگـەڵ ئەنجامـی بەشـێک لـە توێژینـەوە هاوشـێوەکانی دیکـە، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە لـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـدا بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا دیاردەیەکـی بەربـڵاوە. ئەمـە وایکـردووە توێـژەران لێـی بکۆڵنـەوە و توێژینەوەیـان لەبـارەوە بکـەن. هەروەهـا تـەواوی پاڵنـەر و لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە هەمـوو کۆمەڵگـە مرۆییەکانـدا هـەن، بـەڵام لـەڕووی ریزبەندییـەوە جیـاوازن. ئـەوەش رەنگدانـەوەی دۆخ و ژینگـەی سیاسـیی، کۆمەڵایەتـیی، ئایینیـی و بـاری تاکەکەسـییانە.

٤-پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لای خویندکارانـی کـورد هەمەجـۆر و جیـاوازن، زۆربـەی بەرتوێـژەکان بەپێویسـتی نازانـن نـاوی راسـتەقینەی خۆیـان دابنێـن. هـەن نـاوە راسـتەقینەکەی خۆیـان بـەدڵ نییـە، ئەوانـە (١٧،٢٠٪)ی ئـەو بەرتوێژانـە پێکدەهێنـن کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن. سـەبارەت بـە پاڵنـەرە کۆمەڵگەییەکانیـش، هـەن لەترسـی کۆمەڵگـە و تانـەی خەڵـك بـە رێـژەی (٥،٣٧٪) نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، ئەوانـە هەسـتدەکەن کـە پارێـزراو نیـن، بـەڵام رێژەکەشـیان هێنـدە زۆر نییـە لەچـاو پاڵنەرەکانـی دیکـەدا.

٥-ئـەوەی جێـی سـەرنجە پاڵنـەری کۆمەڵگەیـی (گێچـەڵ و بێزارکردن)ـە کـە رێژەیەکـی کەمـی بەرتوێـژەکان بـەو پاڵنـەرە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن و رێژەکەیـان تەنهـا (٥،٣٧٪)ـە. ترسـی هاککردنیـش وەك پاڵنەرێکـی تەکنیکیـی بـە رێـژەی (٥،٣٧٪) پلـەی پێنجەمـی گرتـووە. پۆزلێـدان و خۆدەرخسـتن-یش وەك پاڵنەرێکـی دەروونیـی بـە رێـژەی (٤،٣٠٪) دوایـن پلـەی ریزبەندیـی پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوی گرتـووە لەنێـو خوێنـدکاری زانکـۆ و

پەیمانگەکانــدا.

٦-ســەرباری بەربڵاویــی دیــاردەی خــراپ بەکارهێنانــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان، ڕێژەیەکــی کەمــی خوێنــدکاران پشــت بــە نــاوی خــوازراو دەبەســتن بــۆ مەبەســتە نەرێنییەکانــی وەك گاڵتەپێکــردن یــان لەکەدارکردنــی نــاوی کەســایەتی و نــاوداران لەڕێــی دانانــی نــاوی ئــەوان بــۆ ئەکاونتەکانیــان. ڕێــژەی ئەوانــە دەکاتــە (٧،٥٢٪).

٧-دیارتریــن لێکەوتــەی ئەرێنیــی بەکارهێنانــی نــاوی خــوازراو لەســەر خوێنــدکاران ئەوەیــە کــە لای (٣٧،٦٣٪)یــان ئــەو نــاوە بووەتــە جێگــرەوەی نــاوە راســتەقینەکەیان کــە لــە بنەڕەتــدا بەدڵیــان نییــە. بــەڵام هیچــکام لــە خوێنــدکاران هــاوڕای ئــەو بژاردەیــە نیــن کــە بەهــۆی نــاوی خــوازراوەوە قەدەغەکراوەکانــی کۆمەڵگــە و خێزانیــان شــکاندبێت. ئــەو لێکەوتەیــە لەنێــو بەرتوێژەکانــدا ڕێژەکــەی یەکســانە بــە (ســفر).

پێشنیارەکان:

لەپــاش لێکدانــەوەی ئەنجامەکانــی ئــەم توێژینەوەیــە، توێــژەر ئــەم ناونیشــانانەی خــوارەوە پێشــنیاردەکات بــۆ توێژینەوە لەبارەیانەوە:

١-توێژینــەوە دەبــارەی پەیوەندیــی بیــروڕای سیاســیی بــە نــاوی بەکارهێــن لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و ڕەنگدانــەوەی لەســەر چالاکییەکانــی لــەو ســەکۆیاندا.

٢-توێژینەوە دەربارەی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر شێوازی خۆنمایشکردنی گەنجان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٣-توێژینــەوە دەربــارەی ئاســتی هوشــیاریی یاســایی و ئیتیکیــی تــاك لــە بەکارهێنانــی نــاوی خــوازراو لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا.

## پاشکۆ:

*ناوی هەڵسەنگێنەران:

-پ.د. هێرش ڕەسول مراد/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

-پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

-م.د. هەتاو حمە صالح/ زانکۆی هەڵەبجە

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

### یەکەم-عەرەبی/


١- دينــا فــاروق أبــو زيــد: أخلاقيــات اســتخدام مواقــع التواصــل الاجتماعــي بــين الشــباب الجامعــي فى مــصر بالتطبيــق عــلى موقــع الفيــس بــوك: المجلــة العلميــة لبحــوث الإذاعــة والتلفزيــون (مــج٢٠٢٠، ع٢٠، ص-ص ١-٦٦: ٢٠٢٠).

٣- نبيلــة بوخبــزة، عبــد الهــادي بــوروبي: تفاعــل مســتخدمي موقــع التواصــل الاجتماعــي فايســبوك مــع القضايــا ذات الشــأن العــام العــام بــين التمثيــل والنقــاش، مجلــة الحكمــة للدراســات الاعلاميــة والاتصاليــة، (مــج٧، ع٣: ٢٠٢٠).

٤- أمــاني عبــد المقصــود: مــدى وعــي طلبــة الإعــلام بالضوابــط الأخلاقيــة لاســتخدام وســائل التواصــل الاجتماعــي: المجلــة المصريــة لبحــوث الاعــلام (مــج٢٠١٩، ع٦٨، ص-ص ٣٠٩-٣٥٤: ٢٠١٩).

٥- رايــس عــلي ابتســام: اســتخدام الطلبــة الجزائريــين لموقــع الفايســبوك، مجلــة أفــاق للعلــوم (مــج٠٤، ع١٥، ص-ص١٨٠-١٩٢: مــارس ٢٠١٩)، جامعــة زيــان عاشــور- الجلفــة: ISSN٢٥٠٧-٧٢٢٨

٦- ابتســام بــلات و ســمية لعريبــي: أثــر اســتخدام وســائل التواصــل الاجتماعــي عــلى المراهقــين، رســالة الماجســتير غــير

منشـورة (الجزائـر: جامعـة محمـد الصديـق بـن يحيـي، كليـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة، قسـم الاعـلام والاتصـال ٢٠١٨).

٧- سـهام مطـشر الكعبـي: سـيكولوجية تقديـم الـذات لـدى النسـاء، مجلـة مركـز البحـوث النفسـية، جامعـة بغـداد (ع٢٩: ٢٠١٩).

٨- كريـم الطيبـي: ايتـوس الرقمـي، صـورة الـذات الافتراضيـة في مواقـع التواصـل الاجتماعـي، مجلـة الدراسـات الاعلاميـة (ع١٤: ٢٠٢١).

٩- يوسف اسعد داغر: معجم الأسماء الامستعارة واصحابها، مطبعة بيروت، لبنان: ١٩٩٥: ص١٣.

١٠- أيمـان محمـد حسـني عبـد اللـه: أليـات التظليـل الاعلامـي في الخطـاب الخـبري للصفحـات الزائفـة المنتحلـة بأسـماء الصحـف المصريـة عـلى شـبكة الفيسـبوك، المجلـة المصريـة لبحـوث الـراي العـام، (مـج١٨، ع ١، ينايـر ٢٠١٩).

١٢- افنـان عبداللـة قطـب: دوافـع اسـتخدام الأسـماء المسـتعارة لـدى مسـتخدمي مواقـع التواصـل الاجتماعـي، المجلـة المصريـة لبحـوث الأعـلام، (ع٧١، مـج٢٠٢٠: ٢٠٢٠).

١٣- ريحانـة بلوطـي: دوافـع اسـتخدام الهويـة الافتراضيـة في الشـبكات الاجتماعيـة وأثرهـا عـلى الفـرد، رسـالة الماجسـتير غـير منشـورة، (الجزائـر: جامعـة الحـاج لخضر-باتنـة، كليـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة، قسـم العلـوم الانسـانية، ٢٠١٥).

١٤- أسـمهان كسـيرة: الشـباب الجزائـري والهويـة الافتراضيـة، رسـالَة الدكتـوراه غـير منشـورة، (جامعـة عبـد الحميـد بـن باديـس، كليـة العلـوم الاجتماعيـة، قسـم الاعـلام والاتصـال ٢٠١٨).

**دووەم- ئینگلیزی/**

15- Muslimin M: Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 477, Proceedings of the International Conference on Community Development (ICCD 2020).

16- Regina Kasakowskij, Kaja J. Fietkiewicz, Natalie Friedrich, Wolfgang G. Stock: Anonymous and Non-anonymous User Behavior on Social Media, Journal of Information Science Theory and Practice (Info, Theory Part 6(3): 252018 ,36-).

17- Terfa T Alakali, Hemen Philip Faga, Jinatu Mbursa: Audience Perception of Hate Speech and Foul Language in the Social Media in Nigeria, Academicus International Scientific Journal, Issue No: 15, p-p:166183-, VIII/2017.

18- J. Daved Wolvgang: Self-Governance on Trial: A Public Sphere Analysis of News Website Forum Comments, Romanian Journal of Communication and Public Relations, Vol 16 No 3 (2014): published in 2016.

19- Goffman, Erivng: The Presentation of the Self in Everyday Life. New York: Anchor Book.1959, Page:252.

19- https://www.definitions.net/definition/pseudonymity

20- Khaled Moustafa: Social media trolls: between trolling and pastime, Arabic Science Archive, 2018:

Paper DOI: 10.31221/osf.io/b5sjt

21- Adam Candeub: Privacy and Common Law Names: Sand in the Gears of Identification, n, 68 Fla. L. Rev. 467 (2017), Available at: http://scholarship.law.ufl.edu/flr/vol68/iss26/

22- Emily van der Nagel: Social Media Pseudonymity: Affordances, Practices, Disruptions, Swinburne University of Technology, School of Arts, Social Sciences and Humanities, Department of Media and Communication, 2017.

23- Ysabel Gerrard: What's in a (pseudo)name. Ethical conundrums for the principles of anonymisation in social media research, Qualitative Research, 2021, Vol. 21(5) 686–702).

24- David Kaye, Report of the Special Rapporteur on the Promotion and Protection of the Right to Freedom of Opinion and Expression, UN Doc A/HRC/2922) 32/ May 2015).

25- Marziyeh Ebrahimi, Ramón Salaverría: Virtual identities of Muslim women: A case study of Iranian Facebook users, Observatorio (OBS) Journal, vol.9 - nº1 (2015), 15917-.

26- Elisabetta Costa: Affordances-in-practice: An ethnographic critique of social media logic and context collapse. New Media and Society,2018: 116-.

## الملخص

يدرس هذا البحث الوصفي ظاهرة واسعة الإنتشار في شبكات التواصل الاجتماعي وهي استخدام الأسماء المستعارة. والهدف هو الكشف عن دوافع وآثار الظاهرة على طلاب الجامعات والمعاهد في إقليم كردستان العراق. اعتمد الباحث على نماذج جوجل لجمع البيانات حيث كانت الإستمارة متاحا لمدة ٤٨ ساعة لملئها من قبل عينة عشوائية مكونة من طلاب الجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة في الإقليم. وخلال المدة المحددة، أجاب ٦٩٩ مبحوثاً من الذكور والإناث عن الأسئلة. بعد جمع البيانات وتحليلها توصل الباحث إلى نتائج عديدة ومنها: تعتبر (الفيسبوك) منصة فعالة تعبر الطلبة عن انفسم من خلالها كما يشاؤن. كما يؤكد ان لجوء المبحوثين إلى استخدام أسماء مستعارة تجسيداً لفرضية (هوفمان) بأن الأفراد يريدون التعبير عن أنشطتهم وتقديم أنفسهم وراء الكواليس. وفقا لما جاء فى النتائج يستخدم نسبة (١٣,٣٠٪) من إجمالي العينة اسم مستعار فى الفيسبوك، في حين معظمهم لديهم أسم مستعار فقط، لكن صور ملفاتهم الشخصية ومعلوماتهم حقيقية. أما بالنسبة لغرض استخدامهم لهذه النوعية من الأسماء، تظهر النتائج أنه لا تعكس أسماء المبحوثين ميولهم السياسية، فى حين تحمل نسبة (٥،٣٧٪) من الاسماء دلالات دينية. فيما يخص دوافع استخدام الاسم المستعار، يبين النتائج أن الدوافع متنوعة، حيث يرى (٣٥،٤٨٪) منهم انه لا داعي للكشف عن أسمائهم الحقيقية. إضافة إلى ذلك، وعلى الرغم من سوء استخدام الشبكات الاجتماعية على نطاق واسع، فإن نسبة ضئيلة منهم جدا يعتمدون على أسماء مستعارة لأغراض سلبية مثل السخرية أو تشويه سمعة المشاهير من خلال وضع أسمائهم على حساباتهم في الفيسبوك. كما يبين النتائج ابرز آثار الظاهرة الايجابية على المبحوثين، حيث حل الاسم المسعار محل اسمهم الحقيقي بنسبة (٣٧,٦٣٪) من مجموع العينة، بينما فقد نسبة (٣٤,٤٠٪) منهم أصدقاءهم الحقيقيين بسبب استخدامهم لهذه الأسماء.

**الكلمات المفتاحية: دوافع- آثار- أسماء مستعارة- الفيسبوك – الطلبة**

# A Widespread Phenomenon in Social Networks of Using Pseudonyms. The Motives and Effects of the Phenomenon on University and Institute Students in Kurdistan Region of Iraq.

**Abstract**

This descriptive study is about the use of pseudonyms, which is a widespread phenomenon in social networks. The aim of this study is to reveal the motives and effects of the phenomenon on university and institute students in the Kurdistan region of Iraq. The researcher relied on Google forms to collect data, the form was available for 48 hours to be filled out by a random sample of students, from public to private universities and institutes in the region. During this period, 699 respondents answered the questions. After collecting and analyzing the data, the researcher reached several results, which are: Facebook; an effective platform which students express themselves as they wish. The result also confirms that the respondents' resort to using pseudonyms is an embodiment of Hoffman's hypothesis that individuals want to express their activities and present themselves behind the scenes According to the results, (13.30%) of the total sample uses a pseudonym on Facebook, while most of them only have a pseudonym, but their profile pictures and information are real. As for the purpose of their use of this type of names, the results show that the respondents' names do not reflect their political inclinations, while (5.37%) of the names carry religious connotations. With regard to the motives for using the pseudonym, the results show that the motives are diverse, as (35,48%) of them believe that there is no need to reveal their real names. In addition, despite the widespread misuse of social networks, a very small percentage of them rely on pseudonyms for negative purposes such as ridiculing or discrediting celebrities by putting their names on their Facebook accounts. The results also show the most prominent positive effects of the phenomenon on the respondents, where the nickname replaced their real name by (37.63%) of the total sample, while (34.40%) of them lost their real friends because of their use of these names.

**Keywords: motives - effects - pseudonyms - Facebook - students**